به بۆنەی بیست و سێیەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# ناوەرۆک لە چیرۆکی نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا (گۆڤاری ڕامان ١٩٩٨ - ٢٠٠٠)

**نەوزاد سبحانی**

**(١ - ٢)**


**کورتەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە، بە ناوونیشانی «ناوەرۆک لە چیرۆکی نووسەرانی ڕقۆژهەڵاتی کوردستاندا، گۆڤاری ڕامان ١٩٩٨-٢٠٠٠»ـە کە بە شێوەیەکی گشتی خۆی لە ناوەرۆکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە و باس لە ڕووداوە سیاسییەکان و زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی نەتەوەیی دەکات، لەلایەن ڕژێمە داگیرکەر و دیکتاتۆرە یەک لە دوای یەکەکان، لە لایەکی ترەوە خۆی لە باسکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، نەریت و دیاردە دواکەوتووەکانی ناو کۆمەڵ و کاریگەریی خراپیان لە سەر نەتەوە و کۆمەڵگا دەدات. وەک دیارە چیرۆکیش بە درێژایی مێژوو چەکێکی کاریگەر بووە لە بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی پیلانگێڕی داگیرکاری و دژی تواندنەوە و لەناوبردنی کورد بووە، بۆ مانەوە و پاراستنی مێژوو، زمان، ئەدەب، کولتوور و ڕۆشنبیری گشتی نەتەوەیی، چونکە چیرۆک لە هەموو سەردەمانێکدا هۆیەکی کاریگەر بووە، بۆ بنیاتنان و گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و دەربڕینی گیروگرفتە سیاسی، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و دەروونییەکانی تاک و کۆمەڵ کە گوزارشتکاری بارودۆخی واقیعی هەر سەردەمێکە. مەبەست لە هەڵبژاردنی ئەم باسە پەروەردەکردن و هۆشیارکردنەوەی نەوەی نوێیە بۆ بە گژداچوونەوەی داگیرکاری و بە دیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و ڕزگار بوون لە ژێردەستەیی و جیرەخۆری.

ئەم توێژینەوەیە خۆی لە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی ئەو چیرۆکانەدا دەبینێتەوە کە لە لایەن نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە نووسراون، کە وەک ئاماژەی پێ درا ناوەرۆکی چیرۆکەکانیش لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی گرتووەتەوە.


## بەشی یەکەم: پێشەکی

چیرۆک وەک ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆ، بەشێکی گرنگ و دانەبڕاو لە ئەدەبی گەلانی دنیا پێک دەهێنێت. هەمیشە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەوەی هەردەم چیرۆک وەک ژانرێکی سەربەخۆ گوزارشت لە خۆشی و ناخۆشی و ئێش و ئازار و مەینەتییەکان، بابەتی ڕۆژگار و بارودۆخی سەردەم، ژیانی ناو کۆمەڵ و کۆمەڵگا بووە، بێ گومان هەر نەتەوەیەکیش بە پێی بارودۆخی گەشەسەندنی ژیان و گوزەرانی شارستانی و ڕۆشنبیری خۆی، گرنگی و بایەخی بە ژانری چیرۆک لە ناو ئەدەبەکەیدا داوە و پێگەی دیاری کردووە، ئەدەبی کوردیش هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، چیرۆک وەک ژانرێکی دیار و کاریگەر توانیویەتی پێگەی خۆی دیاری

بکات، هاوکات لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکی سەردەم و قۆناغەکانی مێژووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کۆمەڵی کوردەواریدا ڕۆڵی کارای بینیوە.

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بێ گومان چیرۆک دەتوانێت هەموو ئەو بیروباوەڕ و مەبەستانە لەخۆ بگرێت کە ژانرە ئەدەبییەکانی تر لە خۆیانیان گرتوون.

**١-١ ناوونیشانی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە، «ناوەڕۆک لە چیرۆکی نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، گۆڤاری ڕامان ١٩٩٨-٢٠٠٠» هەوڵێکە بۆ خستنە ڕووی لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، لە چوارچێوەی چیرۆکی چەند خامەیەکی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گۆڤاری ڕامان، هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناوونیشانە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تا ئێستا ئەوەندەی ئاگاداربین، هەوڵێکی تازەیە، چونکە لە لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە گرنگی بە خامەی نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدات.

**١-٢ سنووری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە، تەنیا لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە چەند چیرۆکێکی بەشێک لە نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە کە لە نێوان ساڵانی (١٩٩٨ - ٢٠٠٠) چیرۆکەکانیان لە گۆڤاری ڕاماندا بڵاوکردووەتەوە.

**١- ٣ ڕێبازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا، ڕێبازی (شیکاری) پەیڕەو کراوە، چونکە ڕێبازێکی گونجاوە بۆ سروشتی توێژینەوەکە.

**١-٤ گیروگرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگ و گرفت بووینەوە، گرفتی سەرەکی لە دەستچوونی کات بوو، چونکە دوو مانگ بوو بە دوای ناوونیشانێکدا دەگەڕاین، کە لەگەڵ بیر و زەینماندا یەک بگرنەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە دواتر ڕووبەڕووی ناوونیشانێک بووینەوە کە لە ئاست پلەی ماستەردا بوو، ئەزموون و شارەزایی دەویست، سەرەڕای ئەوەی کاتێکی زیاتری پێویست بوو. گرفتێکی تری سەرەکی، بۆ یەکەم جار بوو لە بیلۆگرافیاو بەشی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، لە کتێبخانەی ناوەندی هەولێر بە دوای چیرۆک و چیرۆکنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەگەڕاین، سەرەڕای نەبوونی چەند ژمارەیەک لەو گۆڤارانەی کە بە دوایدا دەگەڕاین، بەردەوام لە ڕێگای هۆکارەکانی پەیوەندیکردنیشەوە، بە دوای دەستکەوتنی ژیاننامەی نووسەران، کاتێکی زۆرمان کوشت، بەڵام بێ ئەنجام بوو، بێجگە لە ژیاننامەیان کە بە خۆشحاڵییەوە ڕاستەوخۆ لە نووسەرانمان وەرگرت، بە هەرحاڵ یەکێکی تریش لە ڕێگەی هێڵی ئینتەرنێتەوە، هەروەها چیرۆکەکانیان کە لەڕووی ناوەڕۆکەوە کارمان لەسەر کردن، ئەگەرچی دانەیەکیان تا ڕادەیەک لە ڕووی شێوازی دارشتنی زمانەوە زمانێکی سادەی هەبوو و بۆ سەردەمێکی مێژوویی دەگەڕایەوە، بەڵام ئەوانی تر بە هەر هۆکار... تاد. بە هێما (ڕەمز) بارگاوی کرابوون و پێویستیان بە ئەزموون و شارەزایی لە بابەت لێکدانەوە و شیکردنەوەی ڕەمز هەبوو، ئەمە لە کاتێکدا ڕووبەڕووی چیرۆکگەلێک لە سەردەم و قۆناغێکی دیاریکراودا بووینەوە کە قەڵەمی ڕۆژهەڵات بە هۆی بارودۆخە سیاسییەکەیەوە، ئەم شێوازی پەیڕەوکردنەی دەخواست و دەخوازێت، سەرەڕای کەمی ئەزموونمان لەم بواری توێژینەوەیەدا، کاتێکی زۆریشی دەویست و لە کاتی شیکردنەوەشدا بیر و زەینی زیاتر پەرشوبڵاو دەکردینەوە، گرفتێکی تر پێشهاتنی کەمی سەرچاوە، دەستنووس و چاوپێکەوتن بوو، سەرەڕای نەبوونی شارەزاییەکی ئەوتۆ لە بابەت خەرمانی فەرهەنگ و زمانی کوردی.

ئەم توێژینەوەیە، بە سەر پێنج بەشی سەرەکیدا دابەش کراوە، ئەم پێنج بەشەش وەک لایەنی بیردۆزی و کرداری توند لێک بەستراون و پەیوەندی تەواویان پێکەوەی بەستوون، هەر بەشێکیش چەند تەوەرێکی جیای لە خۆیدا هەڵگرتووە، کە لە هەر تەوەرێکدا باس و بابەتێکی جیاو تایبەت لەوەی پێش خۆی خراوەتە بەر قەڵەم و توێژینەوە، بە شێوەیەک بابەت و بەش و تەوەرەکان، گوزارشتکاری ڕاستەقینەی یەکترن. بەم شێوەیە هەر لە سەرەتاوە بەرەو کۆتایی بەردەوام بووە، بۆ ئەوەی لە ڕووی ناوەڕۆک و ڕوخسارەوە توێژینەوەیەکی پتەو بێت، پاشان ئاماژەمان بە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانە کردووە، کە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین، هەروەها لە کۆتایی باسەکەشدا لیستی ناوی سەرچاوەکانمان خستووەتە ڕوو.

**بەشی دووەم:**

**٢-١ پێوەندی ئەدەب بە سیاسەتەوە**

زانایان سەبارەت بە چەمک و پێناسەی سروشتی ئەدەب ڕاو بۆچوونی جیاوازیان هەیە و قسە و باسی زۆری لەخۆ گرتووە، هیچ یەک لە پێناسەکانیش بە تەنیا

ناتوانن واتای پڕ بەپێستی ئەدەب بگەیەنن، لێرەدا هەوڵ دەدەین پێناسەیەکی نزیک لەم بابەتە بخەینە ڕوو ئەویش ئەوەیە کە دەکرێت بڵێین: ئەدەب ئاوێنەی ژیان و بارودۆخی گەلە. کەوا بوو ئەدەبی هەر نەتەوەیەک پێویستە لەخزمەتی مرۆڤایەتی و لە ئاستی ڕێکخستنی ژیانی گەل و کۆمەڵگاکەیدا بێت، واتە لەگەڵ ڕۆژگار و بیری واقیعی سەردەمدا خۆی بگونجێنێت و گوزارشتکاری بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و...تاد نەتەوەکەی بێت، چونکە (هەر نووسەرێک لایەنی نەتەوایەتی خۆی فەرامۆش کرد و خۆی لەئەدەبی بێگانەدا نقوم کرد، شتێکی بۆش و مایەپووچ بە خوێنەر دەبەخشێت، خۆی دەدۆڕێنێت و لە دەست ئەدەب و زمانەکەی خۆی دەچێت) [د.محمد غنیمی هلال: ١٩٥٦: ٢٩]، هەرچی سەبارەت بە چەمک و پێناسەی (سیاسەت)یشە ئەوە قسە و باسێکی زۆر هەڵدەگرێت. دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین کە (ئەو مەبەست و ئامانجانەیە کە چینێکی کۆمەڵایەتی لە پێناوی سەرکەوتنی ڕاپەڕین و پاراستنی دەستکەوت و قازانجەکانیان ئەیگرێتەبەر) [برهان قانع: ١٩٨٥: ١١٦] کەوا بوو سیاسەت دیاردەیەکی باری کۆمەڵایەتی و مێژوویيە، وەک پایەیەکی سەرەکی لەبنەماو پێویستییەکانی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگا، دیارە چالاکییەکی دانەبڕاوە کە چینێکی هۆشیاری کۆمەڵ بۆ بەدیهێنانی قەوارەیەکی سەربەخۆ و بەرجەستەکردنی مافە نەتەوایەتی، لە پێشکەوتنی بارودۆخی ژیانی گەل و شارستانییەت دەیگرنە بەر. هەردەم مرۆڤ لە هەوڵدایە تا بە شێوازێکی سیاسییانە لەگەڵ دەوروبەر و کۆمەڵدا ڕەفتار بکات و لەتەک واقیعی ڕووداو و پێشهاتەکاندا خۆی بگونجێنێت. مرۆڤەکان بە درێژایی مێژوو، تەنانەت ئەمرۆشی لەگەڵدابێت لەسەر جیاوازی بیروباوەڕ و لە چوارچێوەی ئینتیمای سیاسی، نەتەوایەتی، ئایینی، چینایەتی...تاد دەچەوسێنرێنەوە، بەوەی زۆرجار بەمەبەست ناچار بەخەباتی چەکداری دەکرێن و لەم سۆنگەیەشەوە ڕژێمە دیکتاتۆرەکان لەپیلانگێڕییاندا هەلی زیاتر بەخۆیان دەدەن بۆ ئەوەی بە بیانووی جۆراوجۆرەوە پەلاماری بەرفراوانیان بدەن و بەهەموو شێوەیەک هەوڵی تواندنەوە و لەناوبردنیان بدەن.

قسەکردن لەسەر بێگانە بوون و بێلایەنی ئەدەب و نووسەر لە بارودۆخێکی ئاوادا بێ گومان گشتاندنێکی ڕوونە، چونکە دەربڕین و ئاراستەکردنی هەر جۆرە هەست و بیر و هەڵوێستێکی نووسەر، لەتەک ئەم چەوسانەوەیەدا دەبێتە جۆرێک لە مەسجی هەڵوێستی سیاسی، یان ناوەرۆکی دەقی بەرهەمەکەی شەقڵ و سیمایەکی سیاسییانە لەخۆ دەگرێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هەمیشە ئەدەب کەوتبێتە خزمەت و پاشکۆی سیاسەت، بەڵکو (سیاسەت بەشێکی لەخزمەتی ئەدەبدایە، ئەدەبیش لە خزمەتی سیاسەتدایە. ئەوەی پێی دەڵێن دنیای بەرژەوەندی جاروبار ئەدەبیش لە خزمەتی بەرژەوەندییەکدایە، ئەگەر باش هەڵی سەنگێنین نووسینێکی ئەدەبی هەرجارە دەتوانێت لەخزمەتی بەرژەوەندی لایەنێکدا بێت، هەموو نووسەرانیش بۆ خۆیان خاوەنی ئەفکاری سیاسین و لە سیاسەت بێگانە نین، بەڵام دەتوانن لەحزب بێگانەبن) [عەبدوڵڵای حەسەن زادە: ٢٠٠٩: -] لەبەر ئەوەی تا ئێستا نەتەوەی کورد ژێردەستەی چنگی داگیرکارییەو خاوەنی بوون و قەوارەیەکی سیاسی و سەربەخۆ نییە، بۆیە هەردەم ئەدەبەکەشی ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە دژوار و تاڵەیە کە پڕ لە نەهامەتی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و...تاد، کارەساتی قڕکردنە، هاوکات بەدرێژایی مێژوو ئەدەب وەک قەڵغان و چەکێکی کاریگەر، لەمەڕ پاراستنی مێژوو، زمان، ئەدەب، کولتوور و ڕۆشنبیری کوردی، دەورێکی گرنگی لە (دژی شێواندنی ئەدگارە نەتەوەییەکان و تواندنەوەی کورد گێڕاوە، بێ گومان ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە لە واقیعی کۆمەڵدا ڕوودەدەن، کاردەکەنە سەر هەموو ئەو ژانرە ئەدەبییانەی کە لەو قۆناغەدا لەدایک دەبن و گوزارشت لەو بارودۆخە دەکەن، بەتایبەتی چیرۆک، چونکە چیرۆک باشترین هۆیە بۆ دەربڕینی گیروگرفتە سیاسی، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و...تاد لایەنە دەروونییەکانی تاک و کۆمەڵ) [ناهیدە حوسێن عەبدولڕەحمان: ٢٠٠٦: ٣٧]، بۆیە نووسەران و ڕوناکبیرانی کورد، نەیانتوانیوە لە ئاست ئەم ڕووداوانە بێ دەنگ بن و بەچۆکدابێن بەڵکو شان بە شانی براو خوشکە هاوبیرەکانیان، لە خەباتی شاخ و شار بەردەوام خۆیان ڕووبەڕووی ئەرکێکی قورس و دژوار کردووەتەوە، چونکە لەلایەک گیانبازانە چەکی بەرگری و بەرەنگاربوونەوەیان هەڵگرتووە و لە لایەکی تریشەوە بەچەکی قەڵەم و بیروباوەڕی نیشتمانی و نەتەوەییەوە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی گەل و بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی پیلانگێڕی دوژمنان و پاراستنی

پیرۆزییەکانی خاکی کوردستانیان داوە، بۆ ڕزگار بوون لەژێردەستەیی و سیستمی دەسەڵاتی ئیمریالیستی و نۆکەرانیان.

## ٢-٢ دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان

لە ٢٥ی ئابی ١٩٤١دا، واتە لە گەرمەی دووەمین جەنگی جیهانیدا هاوپەیمانان بەشی هەرە زۆری وڵاتی ئێرانیان داگیر کرد. بەریتانیا و ئەمریکا لە باشوورەوە، یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو لە باکوورەوە هاتنە ناو خاکی ئێرانەوە، لەئەنجامدا ڕەزاشای پەهلەوی لەسەر کار لادراو لە شازدەی ئەیلوولی هەمان ساڵدا (محەمەد ڕەزاشا)ی کوڕە گەورەیان لەجێگای دانا. لە ساڵانی دووەمین جەنگی جیهانیداو بەهاتنە ناوەوەی هاوپەیمانان و نەمانی دەسەڵاتی ڕەزاشا، لە کوردستاندا هەلومەرجی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردیان لە مەهاباد بەناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژێ کاف) لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢دا دامەزراند، پاشان بوو بە بناغەی حزبی دیموکراتی کوردستان، ١٦/ ئابی/١٩٤٥و (قازی محەمەد)یش کرا بەسەرۆکی ئەو حزبە، ڕۆژی (٢)ی ڕێبەندان (٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦)، پێشەوا (قازی محەمەد) لە ڕێوڕەسمێکی گەورەدا لە گۆڕەپانی چوارچرای مەهاباد کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، ڕێوڕەسمەکە بەسوێند خواردن بە (قورئان) و (نەخشە) و (ئاڵای کوردستان) جێبەجێ کرا، ئاڵای کوردستان لەسەر دامودەزگاکانی حکوومەت لە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماردا بەرز کرایەوە و لە١١ی شوباتی ١٩٤٦یشدا لە ڕۆژنامەی کوردستان کە زمانحاڵی حزبی دیموکراتی کوردستان بوو، ناوی وەزیرەکانی کابینەی حکوومەتی کوردستان بڵاوکرایەوە، هەرچەندە تەمەنی کۆماری کوردستان کەمتر لەیازدە مانگ بوو، بەڵام توانی لەو ماوە کورتەی تەمەنیدا گەلێک دەسکەوتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و نەتەوەیی بەدەست بهێنێت. وەک: زمانی کوردی بووە زمانی فەرمی لە سەرجەم دامودەزگاکانی کۆماردا، دامەزراندنی دەزگای چاپ و دەرچوونی ژمارەیەکی زۆر بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی، لەوانەش ڕۆژنامەی (کوردستان) کە زمانحاڵی کۆمار و حزبی دیموکراتیش بوو، لە شاری بۆکان گۆڤاری (هەڵاڵە) و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانیش (هاواری نیشتمان)یان دەردەکرد، وێڕای دەرکردنی گۆڤاری (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) کە بە یەکەمین گۆڤاری کوردی تایبەت بە منداڵان دادەنرێت، دامەزراندنی شانۆی کوردی کە سوودێکی زۆری بەخەڵکی گەیاند، چونکە لە.٩ ٪ ی خەڵکی ئەو کاتەی کوردستان نەخوێندەوار بوون و نەیاندەتوانی سوود لە خوێندنەوەی بڵاوکراوەکان وەربگرن، بەشداری پێکردنی ژنانی کورد لە کاری سیاسی و ڕۆشنبیریدا.

پێشەوا قازی پێشەنگی ئەو کەسانە بوو کە بۆ ئەم مەبەستە هانی خێزانەکەی خۆی دا، (مینا خان)ی خێزانی لە کۆبوونەوەیەکی ئافرەتاندا لە١٤ی ئازاری ١٩٤٦ دامەزراندنی (ڕێکخراوی ژنانی یایا)ی ڕاگەیاند، هەروەها دامەزراندنی سپای کوردستان کە بەهەزاران کەس چوونە ناو ڕیزەکانییەوە، پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی و پشتیوانی کوردی بەشەکانی تری کوردستان، لەوانە ژمارەیەکیش لە ئەفسەرانی کوردی باشووری کوردستان لەگەڵ مستەفا بارزانی و هاوڕێکانیدا لەڕیزی سپای کۆماردا بوون، پاراستنی هێمنی و ئاسایش و ژیانی هاووڵاتیان کە لە ماوەی نزیک بە١١ مانگی تەمەنی کۆماردا تەنیا یەک کەس لە چوارچێوەی سنووری دەسەڵاتی کۆماردا کوژرا سەرەڕای ئەوەی کە دیاردەی چەکداری لەو سەردەمە و لە ماوەی دووەمین جەنگی جیهانیدا دیاردەیەکی بڵاو بوو، هەروەها دیاردەکانی ڕێگری و دزی و بەتاڵان بردن و بەرتیل کە پێشتر بڵاو بوو، لە ناو بران، کۆمار سروشتێکی دیموکراسییانەی هەبوو، خەڵک دوور لە دەسەڵات و پیلان و بەرنامەی سیاسەتی داپڵۆسێنەرانەی (شا) بەوپەڕی ئازادییەوە ژیانیان دەگوزەراند، نەتەوە کەمینەکان هەموو ئەو مافانەیان هەبوو کە نەتەوەی کورد هەیبوو، لەسەر جیاوازی بیروڕای سیاسی کەس نەدەگیرا، خودی قازی محەمەد گرنگییەکی زۆری بە بابەتی بواری پەروەردەو فێرکردن دەدا، هاوکات بەردەوام لە هەوڵدا بوو بۆ ئەوەی کچان و ژنانی کورد لە سایەی دەسەڵاتی کۆماردا شان بەشانی پیاوان بێنە مەیدانی خوێندن و خوێندەواری و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و تێکۆشانەوە، بەمەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵانی خەڵک بەرەو ژوور دەچووە پێش، دامەزراندنی ئێزگەی ڕادیۆی کوردستان لە شاری مەهاباد...تاد، دەسکەوتەکانی کۆمار زۆرن، بەڵام بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی و ڕزگاری نەتەوەیی لە بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گرنگترینیان دادەنرێت، کە کاریگەری باشیان لە بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و بەرەوژووربردنی

ئاستی هۆشیاری، سیاسی، بواری ڕۆشنبیری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەبوو.

(نەتەوەی کورد لە مێژووی کۆن و نوێیدا بێجگە لە دەسەڵاتە خۆجێییەکانی وەک میرنشینەکان، تاکە دەسەڵاتێکی ڕەها کە هەیبووبێت کۆماری مەهابادە، ئەگەرچی ئەم کۆمارە ماوەی لەدایکبوون و هەرەس پێ هێنانی هێندەی نەخایاند، بەڵام لاپەڕەیەکی پرشنگدارە لە دیرۆکی تازەی گەلەکەماندا، چونکە لەو ماوەیەدا کورد سەربەخۆییەکی تەواوی لە بەڕێوەبردنی هەموو ناوچە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبوو) [کانیاو ڕەحمان حەمەد: ٢٠٠٦: ٩٣]. هەندێکی تر لە گرنگترین بەرنامەکانی کۆماری مەهاباد، ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی و کۆکردنەوەی گەلی کوردستان لە دەوری یەک ئاڵا، ڕزگار بوون لەژێردەستەیی و بەگژداچوونەوەی داگیرکەران، دروستکردنی هێزێکی میللی نەتەوەیی تایبەت و ئامادە بۆ پاراستنی گیان و ماڵ و حاڵی هاووڵاتیان، هەروەها بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی لە ناکاو بۆ سەر خاکی کوردستان، لە ڕووی جوگرافییەوە شکاندنی ئەو کۆت و بەند و سنوورە دەستکردانەی چەندان ساڵ بوو دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بەبێ ئاگاداری کوردەکان لە نێوان خۆیاندا ڕێکەوتوون بۆ دابەشکردنی خاکی کوردستان و لێکدابڕاندنی عەشیرەت و ناوچە کوردنشینەکان لە یەکتری، دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانە و مزگەوت لە ناوخۆی وڵات بۆ کارئاسانی گەل و کورتکردنەوەی ڕێگای دوور، هۆشیار کردنەوەی نەوەی نوێ بۆ پێشخستنی وڵات لە ڕووی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، نیشتمانپەروەری، سیاسی، جوگرافی و ئابووری...تاد، لە ڕێگەی پەروەردە و فێرکردنی زانست و زانیارییەوە، هەروەها بۆ ئەوەی گەل بە زمانی دایک لە وڵاتی خۆیدا بنووسێت و بخوێنێتەوە بەبێ هیچ کۆسپ و بەربەست و تەگەرەیەک بە ئازادی، بەرپاکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان لە ڕووی خزمەتگوزاری و ئاو و ئاوەڕۆ و چاککردنی ڕێگاوبان و هاتوچۆ، دیموکراسی بەپێی یاسا لە دەربڕینی بیروڕای ئازاد و داواکردنی مافە یاساییەکان بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ، بە زیندوومانەوەی فۆلکلۆری کوردی لەشوێنەوار و دابونەریتی (کولتوور)ی کوردەواری، چونکە زۆر مەترسی بەتەواوەتی لەناوچوونیان لەلایەن دوژمنانەوە لە ئارادا بوو.

## ٢- ٣ باری سیاسی و دیموکراسی کۆمار

کۆماری دیموکراتی کوردستان سروشتێکی دیموکراسی هەبوو، لە سایەیدا خەڵکی بەوپەڕی سەربەستییەوە دەژیان، خەڵکی کوردستان ئومێدیان بەو کۆمارە هەبوو، کە بتوانێت هیوا و ئاواتی لەمێژینەیان لە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیدا بەدی بێنێت و لە دەوری پێشەوادا کۆببنەوە.

دەوڵەتی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتی ڕەزاشادا ئەوەندە زوڵم و ستەمیان کردبوو، هەرچی شوێنەوارێک کە مۆرکی کوردایەتی پێوە دیار بوایە تەفروتونایان دەکرد، بۆیە کاردانەوەیەکی ئەوتۆی لەلای خەڵکەکە دروست کردبوو، توێژەکانی کۆمەڵ قوربانی بدەن. لەڕوانگەی ئەمنییەتی شارەکانەوە، ڕۆزفلت بەراوردێک لە نێوان هەردوو کۆماری دیموکراتی کوردستان و ئازربایجاندا دەکات: (لە بارێکدا لە ئازربایجانی ڕۆژهەڵات، حکوومەتی ترس دامەزرا بوو، لە کوردستان تەنیا یەک حاڵەتی کوشتن ڕووی دابوو کە دەکرا ناوی سیاسییان لێ بنرێت، هەرچەندە هەندێک کورد ئەم ڕژێمەیان خۆش نەدەویست و هەڵاتبوون بۆ تاران. لە جادەکانی مەهاباد مرۆڤ دەیتوانی گوێ لە بەرنامەکانی ئەنکارا و لەندەن بگرێت، لەکاتێکدا لە تەوریز سزای گوێ گرتن، مەرگ بوو) [ئارچی ڕۆزفلت: ١٩٩٨: ٤١] ئەو کوردانەی کە چاویان بە کۆمار هەڵنەدەهات، دیار بوو ئەمانە بەشێک لە ئاغا و دەرەبەگ و...تاد، دارودەستەی شا بوون و بەپشت ئەستووری شا بەربووبوونە گیانی خەڵکی بێ دەسەڵات و وەک کۆیلە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکردن، دەبوایە خەڵک لەسەر زەویوزاری خۆی سیکبەری بۆ ئاغا کردبایە!، سەرەڕای ئەوەش باج و سەرانەیەکی زۆریان خستبووە سەر خەڵکی جووتیار و کرێکار و پاڵە و ڕەنجدەران و...تاد، بێجگە لەوەی بەهەموو شێوەیەک لە سەردەمی دەسەڵاتی شادا بێ بەزەییانە خەڵکیان چەوساندبووەوە، ئەمەش نەفرەتی تۆڵە کردنەوە و بەرەنگاربوونەوەی لە دەروونی خەڵکدا دروست کردبوو، هەروەها بەرژەوەندییەکانیشیان لە داگیرکاری زەویوزاری خەڵک، لەگەڵ هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی کوردی کەوتبوونە مەترسییەوە، لە کاتێکدا هێشتا حکوومەتی دادوەری دەستی نەکردبوو بە دابەشکردنەوەی زەوی و زارەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکانی خۆیان و پێشوو، کە وەک پێ دەچوو لەبەر نیازپاکی

دەسەڵاتدارانی کۆمار، بە یاسا لێکۆڵینەوە و مامەڵەیەکی دادوەرانەیان لەگەڵدا بکرایە و بیانگەڕاندنایەوە ناو دۆخی خەڵک و لەسەر شێوەی ژیانی یەکسانی و دادوەری چینی کۆمەڵی کوردەواری ڕایان بهێنابان و پەروەردە کرابان، کەچی بۆ خۆیان هەڵاتن، ئەمە جگە لەوەی کە هەر لەسەرەتاوە کۆماری دیموکراتی کوردستان، هەڵقوڵاوی ناو جەرگەی کۆمەڵی کوردەواری لە ناوچەکەدا بوو، بەرگریشی لە بەرەی دیموکراسیخوازانی جیهانی دەکرد و ڕێڕەوی پێشکەوتنخوازانەی دژ بە فاشیزم و نازیبەت گرتبوو، هەروەها بە دوژمنانی گەل و بە حکوومەتی ئێرانی سەلماند ئەگەر بوار بدرێت کورد دەتوانێ ئیدارەی خۆیان بەڕێوەبەرن و ئەزموونێکی گەورەی دیموکراسی بوو لە بواری جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردایەتی و جۆشوخرۆشێکی تازەی بەخشییە ڕەوتەکە، تەنانەت هەندێک لە دۆستە بیانییەکانی کورد بە هەوڵێکی سەرکەوتووی دەزانن.

کریس کۆچێرا دەڵێت: (کۆماری مەهاباد سەرباری بچووکی قەوارە و تەمەن کورتی خۆی جێگەیەکی گرنگی لە مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی هەیە: ئەمە یەکەمین بزووتنەوەی کوردایەتی بوو، کە (ڕۆشنبیر) سەرکردایەتی دەکرد، ئەوەشی دەرخست کە ئەگەر کورد لێی بگەڕێن دەتوانێ حکوومەتێکی شایستە بە ناوی خۆیانەوە بەڕێوەبەرن) [کریس کۆچێرا: ١٣٧٧: ٢٢٦ ] پێوەندی دۆستایەتی گەلانی کورد و ئاشووری و ئەرمەنی بەهێز کرد، ئەمەش لێکدانەوەی تێفکرینێکی قووڵی سیاسەتی پێشەوا بوو، بۆ ئەوەی هەستی میللەتانی دیموکراسیخوازان و دراوسێ بۆ لای ئەزموونی دیموکراتی کورد ڕابکێشێت، چونکە پێشەوا و حزب لەوە گەیشتبوون، میللەتی ئەو ناوچانەش هەروەک کورد دووچاری زوڵم و ستەمی حکوومەتی شا بوونەتەوە و لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی پەهلەویدا هەموو ئازادییەکیان لێ زەوت کراوە، بۆ ئەوەی گیانی برایەتی بەهێز بکات و ئەوانیش ببنە پاڵپشتێک بۆ کۆماری دیموکراتیک.

ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان نموونەیەکی دیکەی دیموکراسی بوونی کۆمار بوون، کە پێشتر ئەو گرنگییە بە توێژی لاوان نەدەدرا و لەو سەردەمەدا کۆمار توانی لاوان لە دەوری یەکێتییەک، یان ڕێکخراوی جەوانانی کوردستاندا کۆی بکاتەوەو بڵاوکراوەی خۆیان هەبێت و بە ئاراستەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانییاندا بەرن و چاکتر بتوانن ئەرک و ڕۆڵی خۆیان ببینن، گۆڤاری (هاواری نیشتمان)، کە لەسەری نووسراوە (بڵاوکەرەوەی بیری یەکێتیی جەوانانی دیموکرات) بە سەرپەرشتی (سەدیق ئەنجەری ئازەر) بڵاوکراوەتەوە، ئەم گۆڤارە، گۆڤارێکی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی بووە و یەک ژمارەی لێ دەرچووە، هەروەها ژمارەیەک وتار لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا لەبارەی لاوان بڵاوکرانەوە، کە نیشانەی گرنگیدانی کۆمار بووە بە پەروەردەکردنی لاوان بە هەستی کوردایەتی و ژیانی ئایینده.

کچان و ژنان گورجتر و چالاکانەتر هاتنە مەیدان و بەرەو خوێندن و خوێندەواری هان دەدران، پێشەوا بۆ خۆی گرنگی بەم پرسە دەداو دەستپێشخەری دەکرد لە کردنەوەی قوتابخانەی کچاندا، بڕیار درا بە دامەزراندنی یەکێتیی ژنانی کوردستان، لەم ڕووەوە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی زمانحاڵی حکوومەت، جێی ئاماژە پێدانە(ڕۆژنامە) لە هەموو سەردەم و کات و ساتێکدا دەورێکی باش و کاریگەری لە ئاست جووڵاندنی هەستی نەتەوایەتی و بەگژداچوونەوەی زوڵم و داگیرکاری و دیکتاتۆرییەت هەبووە.

### ٢-٤ ژیاننامەی پێشەوا

جەنابی قازی محەمەد کوڕی قازی عەلی لە١١ی بانەمەڕی ساڵی ١٢٧٩ی شەمسی بەرانبەر ٢ی ١٣١٨ لەشاری ساباڵاغ (مەهاباد) لەدایک بووە. قازی محەمەد کەسایەتییەکی ناسراوی شاری مەهاباد و ناوچەی موکریان بوو، بە ژیانی هەردوو کۆمەڵی شار و لادێ ڕاهاتبوو، بە خەڵکی عەشیرەتی و شارستانییەوە ڕێزیان دەگرت، لەبنە ماڵەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیر و خەباتگێڕ بوو، جەنابی قازی محەمەد بە منداڵی لەژێر دەستی دایک و باوکی پەروەردە بووە و بەئوسوولی خانەوادەیەکی بەرز بەخێو کراوە، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دەستی بەخوێندن کردووە و لە ماوەیەکی کەمدا تەواوی کردووە، لەزانستی مەعقوول و مەنقوولدا (نەحو، مەنتیق، ڕەوانبێژی، ئوسوولی. فیقهـ، فەلسەفەو...) لەلای مامۆستای تایبەتی خوێندووە، زمانی: ڕووسی، ئینگلیزی، عەرەبی، فراوان فێر بووە، بێجگە لەم زمانانە و زمانی زگماکی خۆی کە (کوردییە)، زمانی فارسی و تورکیشی زۆر باش دەزانی. هەر لە منداڵییەوە خاوەنی گیانێکی بەرز و دڵێکی بەهێز بووە و نیشانەی گەورەیی و ئازا و ڕەشیدی و لەخۆبوردنی تێدا دیاری داوە،

ئاکـارێکی جـوانی هەیە و دەگـەڵ هەمـوو تەبەقـەیەک تێکەڵی دەکات، بەتایبەتی نیشتمانپەروەری لەگەڵ ڕەگ و خـوێنی تێکەڵە، زۆر پێـوەندی بەلایەنی عـیلم و زانسـتەوە هەیە، لەبەر ئەوە لەتافی جوانیدا چەند ساڵ بۆخۆی سەرۆکایەتی فەرهەنگی سابلاغی وەئەستۆ دەگرت و دەرسی نیشتمانپەروەری و میللەتی، بەتەواوی فێری نەوەی تازە کرد. پێشەوای کوردستان لە ڕێگای ئازادیی میللەتی خۆیدا بێ وچان فیداکاری کرد و بە کیفایەتی خۆی ئەم پارچەی کوردستانی ئازاد کرد و بە ڕێگەیەکی زۆر چاکی گەیاند و فەسڵێکی ڕووناک و پڕ لە شانازی لە مێژووی کوردستان زیاد کرد، هەرچەندە وەک باب و باپیرانی خۆی پێشەوای مەزهەبییە و ٢٠بیست ساڵیشە ڕەهبەری میللییە، لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا دواجـارە لە لایەن تەواوی ئامـادەبووانی تەوایف و عـەشـایرەوە لە بەگـزادە، گـەورک، مـەنگوڕ، مـاش، دیبـوکری، زەرزا، پیـران، کـالەمـوو، هەرکی، شکاک، جەلالی و خەڵکی شاران و نقاتی تریش بە پێشەوای هەڵبژێرراو بەیعەتی پێکرا، یان هەموو پێکەوە لەسەری کۆک و ڕازی بوون.

وەک م. هەژار یەژێ:

**سەرۆکی گەورە سەر بەرز و بەڕێز**
**یاخوا هەر بژی پێشەوای عەزیز**
**شادە کورد هەتا پێشەوا هەیە**
**خودا شادمانکەی تا دنیا هەیە**

گیوی موکریانی دەڵێت:

**نادەم بەفەلەک زەمزەمەو شووری ولاتم**
**قوربانی دەکەم ماڵ و سەرو کار و حەیاتم**
**شێخ نیم کە بەتەزویر و ڕیکاری و ئەفسوون**
**وەک ئاش بەدانی ئەم و ئەو لا بێ نشاتم**
**یا کۆلکەمەلایی بێ عەبا و مێزەری پڕ فێڵ**
**دەرۆزەیی ئیحسان کەم و سەرفیترە و زەکات**

## ٢-٥ دادگاییکردنی قازی محەمەد و هاوڕێکانی

ئەو کاتەی قازی بە کۆمەڵێک خەڵکی کەمەوە مایەوە، زۆر داوای لێ کرا کە مەهاباد بەجێ بهێڵێت و بەرەو ولاتێک بەڕێکەوێت، چەند سەیارە لەبەر دەستیا ئامادە بوو، پارەیەکی زۆر زۆری هەبوو، زۆر بە ئـاسـانـی دەیتـوانی لە ولات دەرچێ و گـیـانی ڕزگـارکـات، بەلام قبووڵی نەکرد و مایەوەو تەسلیم بوون و لەگەڵ سەیف و سەدری قازیدا بەدیل گیران. لیژنەی دادگایان لە شاری مەهاباد بۆ پێکهێنرا، سەرهەنگ غولام عەزیمی سەرۆکی دادگا بوو، تۆمەتی خستە پاڵ، وتی: قازی محەمەد تۆ بازرگانی نەوتت لەگەڵ ڕووسیا مۆرکردووە، دەستکاری نەخشەی ئێرانت کردووە، نەخشەت بۆ کورد داناوە، ئالای کوردت بە دەستی خۆت بەرزکردووەتەوە، پارەت بەناوی خۆت و کۆمارەوە دەرکردووە، هێنانی بێگانە لەولاتی عێـراقـەوە بارزانی و بارزانییـەکـانت پەناداون و لەم ولاتەیدا جێت کردوونەتەوە، دووجار چوویت بۆ ڕووسیا پەیمانت لەگـەڵدا بەسـتـوون و داوای هاوکـاریت لێ کـردوون، کـارمـەندی میـریت کـوشتـووە و مـاڵەکـانت سووتاندوون. - قـازی مـحـەمـەد: ئەوانە هیـچی ڕاست نین، من بیـرە نەوتم لەکـوێ بوو تا پەیمانی نەوت لەگـەڵ ڕووسیـا ببەستم؟، کـام بیرە نەوت لە ولاتی من هەیە؟ کام شەریکاتی نەوتی لێیە؟ کام پارەیە بەناوی قازی و کـۆماری کـوردسـتـانەوە دەرکـراوە، من تەنیـا خزمـەتی مـیللەتی خـۆمم کـردووە، ئالای کۆمـارم بەرزکـردووەتەوە، پەشیمان نیم، سەرۆک کۆماری کوردستانم ڕاگەیاندووە و نەخشەی کوردستانم داناوە هیچ لێی پەشیمان نیم و خوا مـافی پێ داوم، بارزانییـەکـان و خـەڵکی باشـووری کورسـتـانیش مـیوان نین لێـرە، کوردسـتـان بۆ هەمـوومـان وەک یەکە، ئەوان هاتوونە مـاڵی خۆیان و لە پەنای برای مـاڵی خـۆیاندان، ئەمـجـا چیش بڕیار دەدەن، ئەوە ڕاستـیـیـەکانە و ئەوانی تریش هەمـووی تۆمـەتە بۆمـان هەڵدەبەستن.

ئەمجا (سەیفی قازی)یان هێناو وتیـان: تۆ وەزیری جـەنگ و جـێگیـری سـەرۆک کـۆمـار بووی، هەروەها هۆنراوەی کاریگەرت نووسیوە و بە بالای قازی و کۆماردا لەمـەیدانی چوارچرا وتووە. لەوەڵامـدا وتی: ئەوانە زۆر ڕاستن.- وتیــان: دەی بڕیاری دادگــا ئەوەیە کـــە هەرسێکتـان لەسێدارە بدرێن و ملتان بەپەتدا بکرێت. سێ مـانگ بەم تەعـزیبـە هێـشـتنیـانەوە، دواتر دادوەر سـەرهەنگ غـولام عـەزیمی نیکوزادە لە ١٩٤٧/٣/٢٨دا جـارێکی تر دادگـایان بۆ دانانەوە، ئەمـەیان هەر دادگـا نەبوو، بەڵکو هەر بۆ ئازاردانی ڕوحی بوو، سێ مـانگ چاوەڕێی پەتی سێـدارە بکەیت!، سێ مـانگ چاوەڕێی کـۆتایی ژیانت بکەیت!، هێـشـتـا سـووکـایەتیـیـان پێ دەکـردن و دادوەر سـەرهەنگ نیکوزادە زۆر بە تووڕەیی لەگەڵ (قازی محەمـەد)دا قسەی دەکرد!. قازی محەمەد تابلـێـیت پیـاوێکی مـەند بووە، زۆر بەهێـواشی قسـەی

دەکرد و ئەدەب و حورمەتی خۆی دەپاراست، تەنیا ئەوەندەی پێ وت: من بڕوام وایە کە تۆ نەبڕوات بەخوا هەیە، نەبڕوات بە لێپێچینەوە و کتێبی خوا هەیە و نەیەک زەڕە جوامێریت تێدا بێت، مرۆڤ ئەگەر موسڵمانیش نەبێت، کەمێک ڕێزی خۆی بگرێت، نامەوێت ئاستی خۆم بێنمە ئاستی تۆوە، ئەگینا ئەتوانم بەزمانی تۆ جوابت دەمەوە، - دادوەر پێی وت: ئەی کوردانی سەگ سیفەت (قازی دەنگی بەرزکردەوەو وتی: ئەو کەسە سەگ سیفەتەو بێ ئابڕووە کە بەڵێنی نییە، ئەوە تەنیا تۆ و نموونەکانی تۆن. - دادگا پێی وت: ئەزانی ئەنجامی ئەو قسەیەت، دەنگ بەرزکردنەوەت بەسەر دادوەردا چییە؟، - وتی: زۆر باش دەزانم کە لەسێدارە دەدرێم و گیان لە دەست دەدەم، بەڵام وەڵاهی ئەوەی تۆ زۆر بەلاتەوە گرنگە، من ئەو شەهید بوونەم بە ڕەحمەتی خوا دەزانم ئەگەر خوا بەنسیبم بکات. ئەوەی کە تۆ زۆر بەڕاستی هەڕەشەم لێ دەکەیت، من بەلامەوە یەکێکە لە ڕەحمەتی خوا بەسەر مرۆڤی باوەڕدارەوە کە خوا بە شەهیدی بیباتەوە بۆ لای خۆی.

لەوکاتەدا سەرهەنگەکە ئاڵایەکی هێنا کە وێنەی چەکوش و داسی تێدا بوو، تفێکی تێ کرد و لەژێر پێی خۆی دانا. وتی: ئەوەش ئەو پەرچەمەی کە بەرزت کردووەتەوە، - قازی وتی: ئەو پەرچەمە ئاڵای کوردستان نییە!، ئاڵای کوردستان چەکوش و داسی تێدا نییە!، ئەو ئاڵایەشم ڕەوانە کردووە، ئەو ئاڵایە ناچێتە ژێر پێی تۆوە، ئەو ئاڵایەش نابێ دەستی تۆ بکەوێت، ڕۆژێک بە کوێرایی چاوی تۆ هەر بەرز دەکرێتەوە. - وتی: تۆ پیاوێکی مەند بووی، بۆ تووڕە بووی، بۆ هەڵچووی. - قازی: ئەو کاتەی سووکایەتی بە میللەتەکەم بکرێت، هیچ کات بێ دەنگ نابم و دەنگ بەرز دەکەمەوە.- سەرهەنگ: بۆ نەڕۆیشتی کە دەتزانی سووراو سوور دەکوژرێی!؟، - قازی: من موسڵمانم ئەزانم خوا چاودێریم بەسەر دەکاتەوە، من پەیمان و بەڵێنم بەم میللەتی کوردە دابوو کە بژیم لەگەڵیاندا دەژیم، بمرم دەبێت لە ناویاندا بمرم، ئەی چۆن بەجێیم بهێشتنابایە، لەکاتێکدا سوور بووم لەسەر ئەوەی ئەگەر ڕامکردبایەو دەرچوومایە لەجیاتی من سەدان لاوی ئەم میللەتەتان لە سێدارە دەدا، بۆیە خوێنی خۆم و ڕوحی خۆم دەکەمە قوربانی گەلەکەم. بەڵێ قازی خۆی تەسلیم کردو ئەو بەڵێنەی کە لە چوارچرا بە میللەتەکەی دابوو، لەگەڵتان دەژیم و لەناوتان دەمرم، بە کردار جێبەجێ کرد و خۆی چووە بەر پەتەکە.

«هەندێ کەس پێیان وایە پێشەوا بەڵێنی بەخشرانی پێ دراوە، بۆیە لە مەهاباد ماوەتەوە، ئەمە بێ ڕێزی بە پێشەوا و ناهەقی لە مێژوویە. پێشەوا بچووکترین گومانی لەوەدا نەبووە کە دەکوژرێ، کەوایە ئەو نەمایەوە کە بۆ خۆی نەمرێ، مایەوە بۆ ئەوەی میللەتەکەی لەکوشت و کوشتار بپارێزێ و هەر لەو کاتەدا ژیانی ئەبەدی لەدڵی ڕۆڵەکانی گەل و لاپەڕەکانی مێژوودا بۆ خۆی مسۆگەر بکا، لەژیان و مردندا سەرمەشق بوو.»

[م. عەبدوڵڵای حەسەن زادە: ۲۰۱۷: -]

سەرەی سەیفی قازی هات، وەزیری جەنگ و جێگری سەرۆک کۆمار.- سەرهەنگ: بۆچی بوویت بە وەزیری جەنگی کۆمار؟، - وتی: بۆ ئازادی میللەتەکەم و بەرگری لە مەزڵوومان، -وتی: بۆ ئەوەت بوو، یان بۆ ئەوەی پارە و پووڵ لەسەر یەک کۆبکەیتەوە، - زەردەخەنەیەک گرتی و فەرمووی: من ئەگەر بۆ پارە و پووڵم بوایە، ۲ملیۆن تمەنم بەکۆمار نەدەبەخشی (۲ملیۆن تمەن کە چەن سەد دەفتەری ئێستا دەکات) ئێمە بنەماڵەیەکی زۆر دەوڵەمەندین هەموو پارەکانم بەکۆمار بەخشیوە، ئەم کۆمارە پارەی لە کێ وەرگرتووە ئەگەر پارەی ئێمە نەبێ؟ نەک پارەمان وەرنەگرتووە، بەڵکو پارەمان بەخشیوە. ئەمجا زۆر قارەمانانە وتی: یەک پرسیارم لێ نەکەی، ئێمە چارەنووسمان دیاری کراوە کە ئێعدام دەکرێین، هەریەک کەم دەم هەڵبێنی دەمت دەشکێنم ئەگەر دەستم بتگاتێ، جوابی یەک پرسیارت نادەمەوە.

بەبێ تەل ئەو شەوە لەگەڵ تاران بە بەردەوامی قسە دەکرا کاتژمێر ۱۲ی شەو بڕیار درا هەرسێکیان لە سێدارە بدرێن، کاتێک بڕیاری دادگایان بۆ خوێندنەوە، قازی وتی: پێشوازی لە بڕیارەکە دەکەم، بەڵام یەک تکام هەیە لێتان لە شەریعەتی ئیسلامدا لە سێدارەدان جوان نییە، گولە بارانم کەن. بەگوللە بمکوژن. - دادوەر وتی: نەخێر نابێت، دەبێت هەر لە سێدارە بدرێی.-وتی: دەی تکاتان لێ دەکەم ڕێگام پێ بدەن وەک موسڵمانێک، مەراسیمی پێش لە سێدارەدان جێبەجێ بکەم!، - وتیان: ئازادبە نیو سەعات مۆڵەتیان دا، دەسنوێژێکی پوختی گرت و دوو ڕکات نوێژی پێش مردنی کرد، ئەمجا بەرەو قیبلە ڕاوەستا، دەنگی بەرزکردەوەو هەموو لایەک گوێیان لێ بوو، وتی: ئەی خوای تاک و تەنیا و بێ شەریک، تۆ ئاگاداری من ئەوەی کردم تەنیا بۆ

ڕەزامەندی تۆ بوو، هیچ پۆست و ڕیاییەکی تێدا نەبوو، خوایە خۆت ئاگاداری لە ڕۆژی دوایی دێمەوە حزوورت، بۆ میللەتی کورد هەرچی توانا و دەسەلاتم هەبووە، دریغیم نەکردووەو ڕۆژێک لە ڕۆژان خیانەتم لە گەلەکەی خۆم نەکردووە و ئێستاش لە پێناویان ئەمرم. ئەی خوای پەروەردگار هەر خۆت تۆڵەسێنی، تۆڵەی ئەم میللەتە ڕەشورووتە لە زاڵمان بستێنی. خوایە گیان نەوەکانم ببینن چۆن تۆڵەی مەزلوومان لە زاڵمان دەستێنی. سێ جار فەرمووی، خوایە گیان نەوەکانم ببینن، چۆن تۆڵەی مەزلوومان لە زاڵمان دەستێنی، ئەمجا دوای بیست دەقە پاڕانەوە، وەسیەتنامەکەی نووسی و بردیانە بەر سێدارەو پەتەکەیان بەملدا کرد و کاتژمێر (٤)ی بەیانی (قازی محەمەد) شەوی (٣٠)ی لەسەر (٣١)ی ١٩٤٧ دوای ١١ی مانگ لەتەمەنی کۆمار، سەعات ٤ی شەو یەکەم پێشەوا و گەورەی کورد گیانی لەدەست دا.

(سەیفی قازی)یان هێنا وتیان: وەسیەتنامە بنووسە، نووسی، بەلام کاتێ کە ئاوا لای کردەوەو تەرمی قازی محەمەدی بەدارەوە بینی، ملی لاربووەتەوەو ڕوحی دەرچووبوو!، زۆر هاواری کرد، ئەو ئالایە هەر بەرز دەکرێتەوە، بە مردنی ئێمە ئەو میللەتە کۆتایی پێ نایە، مردنی ئێمە دەبێتە ئاگرێک و دەچێتە جەستەی ئێوەوە. زۆر قسەی کرد قۆڵبەستیان کردو بردیانە بەر پەتی سێدارە و پەتەکەیان کردە ملیەوە، هەر دروشمی شۆڕشگێڕی دەوت. دووجار کردیانە پەتی سێدارەوە، جاری یەکەم پەتەکە پچڕاو هاتە خوارەوە. هێشتا هەناسەیەکی هەر تێدا مابوو، دروشمی شۆڕشگێڕی دەوتەوە. وتی: بژی قازی محەمەد، بژی کۆماری کوردستان، بژی میللەتی کورد. دیسان بردیانەوە بەر ئیعدام و جاری دووەم لە سێدارەیان دا. کاتێ (سەدری قازی)یان هێنا، سەیری ئەو دوو قارەمانەی کرد!!، شلەژا، تێکچوو. وتی: ئێمە بێ تاوانین، مەلایەکی کورد لەوێ بوو، وتی: ئێ!، مەردانە ژیاوی، مەردانەش بڕۆ. وەک ئەو دوو مەردە بمرە، خۆت ڕاگرە قسەیەک نەکەی لێی پەشیمان بیت. ئەڵێ، لەو کاتەدا ئەوانی بینی وتی: بژی قازی محەمەد، بژی کورد، وەلاهی ئەو ڕۆژەی ئێوە لێی دەترسن، هەر دێتە دی، لەو کاتەدا سەدری قازی بوورایەوە، بەلام ئەو بێ ویژدانانە هەر بە بووراوەیی لە سێدارەیان داو چەند ڕۆژ بەدارەوە بوون، بۆ ئەوەی خەڵک پەندیان لێ وەربگرن.

ڕاستییەکەی پێشەوا قازی محەمەد هەر لەسەرەتاوە، ئەو وەفاداری و بەڵێن و پەیمانەی کە دابوویە گەلی کورد، لەگەڵتان دەژیم و لە ناوتان دەمرم بەکردەوە جێبەجێ کرد و سەلماندی کە لەخۆشی و ناخۆشیدا هەرگیز بۆ ساتێکیش خیانەتی لە میللەتی خۆی نەکرد و بەجێی نەهێشتن. بەداخەوە، هەندێک کەس و لایەن بەبێ ئەوەی هیچ بەرژەوەندییەکی گشتی نەتەوایەتی لەبەر چاو بگرن، دەیانەوێ لەسەر حسابی پێشەواو هاوڕێکانی، خۆیانی پێ دەرخەن و مێژوو بۆ خۆیان بنووسنەوە. لە کاتێکدا نەمران، بارزانی و پێشەوا لە بەرەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی، یەک ئامانجیان هەبووە، بەلام دەبێت ئەوەش لەبیر نەکەین، ئەو بەرپرسیارەتی و ئەمانەت و ئەرکە قورسەی کە لەسەر شانی پێشەوادا بووە، هەرگیز لەسەر شانی هیچ یەک لە هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی نەبووە، بارزانی و بارزانییەکانیش بەو جۆرە قسانە ڕوحیان ئاسوودە نابێت، چونکە لەو سەردەمەدا بۆ سەرخستنی ولات حزب وەسیلە بووە، هەڵبەتە بەربەرەکانێی مستەفا بارزانی لەگەڵ هێزەکانی ئێران و تا خۆ دەربازکردنی بە تەواوەتی لە جێگای خۆی بوو، بەلام ئەمە لە کاتێکدا بۆ پێشەوا ڕاست نەبوو.

### ٢-٦ ڕووخانی کۆماری دیموکراتی کوردستان

کۆماری کوردستان وەک هاتنە بوونی دامەزراوەیەکی سیاسی، ئاشتیخواز و دیموکراتیک لە ئەنجامی هاتنەکایەوەی هەلومەرجی ئەو کاتەی ناوچەکەدا، بووبووە مایەی نیگەرانی و چقڵی چاوی ولاتانی بەرژەوەندیخوازو سەرمایەداری وەک ئەمریکا و بەریتانیا و دەست و پێوەندەکانیان لە ئێران، بۆیە بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی پیلانگێڕی بەردەوامدا بوون، بۆ تواندنەوە و لەباربردنی ئەو هەلە زێڕینەی کە خەونی لە مێژینەی گەلی نیشتمانپەروەری کورد بوو، ئەمە جگە لەوەی نابێ پێ لەو ڕاستییەش هەڵگرین کە کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆیی وەک نەبوونی یەکێتیی نەتەوەیی لەناو ڕیزەکانی گەلدا، هەر لە سەرەتادا ناپاکی و چاوچنۆکی هەندێک لە ئاغاو دەرەبەگ و سەرۆک عەشیرەتەکانی لە ڕیزی دەستکێشەکانی ڕژێمی (شا)دا ڕۆڵێکی خراپیان بینی، لەسەر ئاستی ناوچەیی حکوومەتەکانی ئێراق و تورکیاش دژایەتی خۆیان بۆ کۆمار ڕاگەیاند، لە ڕووی نێودەوڵەتیشەوە یەکێتیی سۆڤیەت و بەریتانیا و ئەمەریکا، هەرسێکیان بەپێی لێکدانەوەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان دژی کۆمار وەستانەوە، تەنانەت

هەرسێکیان هاورا بوون لەسەر مانەوە و پاراستنی یەک پارچەیی خاکی ئێران و لەم ڕوانگەیەشەوە هاوکاری باشی سیاسی و سەربازی دەوڵەتی ئێرانیان کرد. (پێشەوا قازی هاتبووە سەر ئەو بڕیارەی کە کۆماری کوردستان توانای بەربەرەکانی بەرانبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی نییە، بۆیە تەنیا مەبەستێک کە پێشەوا پەرۆشی بوو ڕزگارکردنی خەڵکی مەهاباد و هەموو دانیشتوانی کۆماری کوردستان لە کوشت و کوشتار بوو) [د.عبدالرحمان قاسملو: ١٩٨٨: ١١٥] دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان لە لایەن زۆربەی ئەندامانی (ح.د.ک) کاربەدەستانی کۆمار و پیاوماقوولان، لە مزگەوتی "هەباس ئاغا"ی شاری مەهاباد بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر بارودۆخەکە، دواجار پێشەوا قازی محەمەد بۆ ڕێگرتن لە خوێن ڕشتن و ویرانکاری، بڕیاری خۆ بەدەستەوەدانی ڕاگەیاند، پاشان لە ئەنجامی ئەمانەو زۆر هۆکاری تریش هێزەکانی ئێران لە ١٧ی کانوونی یەکەمساڵی ١٩٤٦ پەلاماری شاری (مەهاباد)ی پایتەختی کۆماری کوردستانیان داو داگیریان کردەوە. لە ئەنجامی هێرشی ئێراندا نزیکەی (١٥ هەزار) کەس لە خەڵکی بێ تاوانی کورد دەکوژرێن و (١٥) سەرکردەی کۆماریش دوای دادگایی کردنێکی رووکەشانە لە ٣١ی ئازاری ساڵی ١٩٤٧ دا لە گۆڕەپانی چوارچرا لە شاری مەهاباد لە سێدارە دەدرێن. لە ناویاندا پێشەوا قازی محەمەد (سەرۆک کۆماری کوردستان) و سەدری قازی (برای پێشەوا قازی و ئەندامی پەرلەمانی ئێران) و سەیفی قازی (ئامۆزای پێشەواو وەزیری بەرگری کۆماری کوردستان) بوو.

کۆکردنەوەی خەڵک لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد و لە سەروبەندی لە سێدارەدانی قازییەکان خۆرسک و بێ مەبەست نەبوو، بەڵکو واقیعی سیاسەتی تواندنەوە و ڕیشەکێشکردنی نەتەوەی کورد بوو لە لایەن ڕژێمی شای ئێرانەوە، بۆ چاوترساندنی جەماوەری شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر. کوشتارگەیەکی گەورەیان نایەوە(تەنانەت ئەوانەی لە ترسی لێشاوی هێرشی ئاگر و ئاسنی ڕژێمی شا خۆیان لەبن پووش و پاوان شاردبووەوە، بێ بەزەییانە گریان تێ بەردەدان و دەیان سووتاندن، خەڵکێکی زۆریان ئاوارە و دەربەدەر کرد، هەرچی شوێنەوار و دەسنووسێکی کورد و کۆماری کوردستانیش هەبوو لە ڕۆژنامەو گۆڤار و پەرتووک و شوێنەواری مێژوویی سووتێنران و تێکدران و تاڵانکران، هەموو ئەمانە و چەندان هۆکاری تریش کاریگەری خراپیان کردە سەر ناوچە کوردنشینەکان و بوونە هۆی ماڵوێرانی و کاولکاری، بڵاو بوونەوەی نەخۆشی و ناجێگیری باری دەروونی و...تاد.

**بەشی سێیەم:**

### ٣-١ بیرو هزری سیاسی و نەتەوەیی لای "جەلال مەلەکشا"

شاعیر و چیرۆکنووسی دیار (جەلال مەلەکشا)، نموونەی مرۆڤێکی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە وەک ڕۆشنبیرێکی نیشتمانپەروەر و ئاشتیخواز و مرۆڤ دۆست، چیدی نەیدەتوانی لە هەمبەر زوڵم و زۆری داگیرکاری کۆنەپەرستی و خائینەکان چاو بنوقێنێت و خۆی لێیان کەڕ کات، ئەسپی قەڵەمی لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا شان بە شانی براو خوشکە هاوبیرەکانی، دژ بە زوڵم تاو داوە و لە ڕوانگەی ئەم دیتنەیەوە ڕووبەڕووی زۆر دەردەسەری و ئازار و مەینەتی زیندان بووەتەوە. ناوبراو لە چیرۆکی (چاوەکانی قازی)دا هەروەک زۆربەی بەرهەمەکانی تری کەوتووەتە ژێر باری کاریگەری بیری سیاسەتی نەتەوەیی و باسی سام و هەیبەتی چاوەکانی پێشەوا دەکات، لەهەمبەر کوردە خۆفرۆشێکی جیرەخۆری دەسکێشی لە ڕیزی ئاغا و دەرەبەگ و پیاوە خۆفرۆشەکانی محەمەد ڕەزاشا (کوڕە گەورەی شادا)، دیارە نووسەر قۆناغێکی دیاریکراوی تەنگژەی سیاسی و کوشتن و بڕین و کاولکاری سەردەمێکی دیاریکراوی ناهەموار دەخاتە ڕوو، ئەویش سەردەمی دوای ڕووخانی کۆماری دیموکراتی کوردستان و لەسەروبەندی لە سێدارەدانی پێشەوای هەمیشە لەیاد (قازی محەمەد)ە. بە دەستی بەکرێگیراوێک بەناوی نایب عەباس خان، چیرۆکنووس شارەزاییانە لەسەر زاری خودی ناوبراو دەیگێڕێتەوە کە چۆن بەهۆی ئەو کارە قیزەونەی تووشی نەخۆشی و سەرشۆڕیی دنیا و دوارۆژ دەبێت و دەیکاتە پەندی زەمانە! «خوا ئەزانێ قاچم دەلەرزی، چوومە سەر سەکوەکە وەختێ تەنافەکەم دەخستە ملی، زەردەخەنەیەکی کردو وتی: من بۆ پاراستنی میللەتی کورد ئەم دارەم هەڵبژارد، بەڵام هەرگیز بەبیرمدا نەدەهات کوردێکی هەڵخەڵەتاو تەناف دەخاتە گەردنم!

خەریک بووم تەنافەکە توورِ بدەم و ڕاکەم، وەلێ وتم پێم دەکەن، دەرم دەکەن! تەنافەکەم خستەملی ڕاست

تواشای ناوچاومی کرد... ئەوەندە چاوگەلی بەهەیبەت بوون، خۆم بۆ نەگیریا گمێزم بەخوەما کرد. ئیتر لەو زەمانەوە دوچار گمێزە چۆرتی بووم، دوکتۆر نەما نەچمەلای.. بێ فایدە.، من مەعموور بووم... مەعموورو مەعزوور!. جا گوناح من چەس، ئەی خوایە لەرز کوشتمی...» [جەلال مەلەکشا: ۱۹۹۸: ۱٤٥] هەروەها باسی خاڵی لاوازی ڕەوشتی خائینەکان دەکات، کە پێش وەختە بەخۆیاندا ناچنەوە و هیچ بیرێکی نەتەوەیی و نیشتمانی لەبەرچاو ناگرن، تا دەکەونە تەنگانەوە، دواتر خۆیان بەری دەکەن و دەست دەکەن بەبیانوو هێنانەوە و دەست و پێ ماچ کردن، (ئاو کە ڕژا، گلێر نابێتەوە) مەلەکشا لە ناو چیرۆکەکەیدا فلاشباک بۆ ڕابوردوو دەگێڕێتەوە و باسی ئەم قۆناغە دەکاتە کرۆکی ناوەرۆکی چیرۆکەکە و مەبەست لێی ئامۆژگاری و پەند لێ وەرگرتنە، بەڵام سەرەتای قسەکە «لە دەرەوە غەڵبە غەڵب و هەراوهۆریای خەڵک لەگەڵ شریخ و هۆڕی گوللە و ناڵە و هاواردا ئاوێتە بووبوو... خرمە و زرمەی پێی.... هەڵات هەڵات... نەڕەی پۆلیسە دەمشڕەکان و.. وشیاری خەڵک.... «مەرگ بەر شاە، مەرگ بەر شاە» نایب عەباس خان، پەردەی پەنجەرەکەی داداو لەنێو ژوورەکەدا دەستی بە هاتوچۆ کرد... بێ ئۆقرە و بێ قەرار بوو...، - کەی ئەم هەرا و بەزمە تواو ئەوێ کەی... نازانم بۆچە بەریان ناگرن.... مشتێ مناڵە وردەڵە گەرەکیانە سەڵتەنەت لەناو بووەن... هەی تڕهاو!... ئەیژیتە شادار بەلەکە!....» [جەلال مەلەکشا: ۱۹۹۸: ۱٤۳] دوای ئەوەی سەرۆک وەزیرانی ئێران (د.موسەدەق) بەپێی یاسا چەند بڕیارێکی لە بەرتەسک کردنەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی(شا )دا دەرکرد، جێ بە شا و ڕژێمی پاشایەتی لێژکرا، شا هەستی بەم ڕاستییە کردبوو، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر ژیانی دەکەوتە مەترسییەوە، هەر بۆیە ناچار، بەفڕۆکەیەک بەرەو بەغدا هەڵات و لەوێشەوە بۆ ڕۆم(ئیتاڵیا ). ئەم بڕیارانە بووە مایەی خۆشحاڵی خەڵکی شۆڕشگێر و ڕژابوونە سەر شەقام و کۆڵانەکان کە بەشێک لە ناوچە کوردستانییەکانیشی گرتبووەوە، هەندێک لە شاعیرانی کورد لەوانە م. هێمن بە دروشمی چەپکە شیعری جوانی لە شاری مەهاباد: «دەبڕۆ ئەی شاهی خائین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ، ئێمە میللەتێکی هۆشیار و وریاین و ئیتر شامان ناوێ» [جەلیل گادانی: ۲۰۰۸: ۱۰۰] خەڵک هەموو پێکڕا بەسێ زمانی جیاواز، کوردی، فارسی، تورکی دەیانگوتەوەو داواکاری زۆریشیان هەبوو، لەوانە گێڕانەوەی شا و مەحکوومکردنی و...، بەڵام بەپێچەوانەوە هەر زوو لەبەر کۆمەڵێک هۆکار هەوڵەکانی موسەدەق شکستی خوارد و... شا لەڕێگەی فڕۆکەیەک گەڕایەوەو! بە زەبر و هێزی تانک و تۆپ و لەشکری ئێران چوونە سەر ماڵی سەرۆک وەزیران و...، بەمەش کوودەتایان بەسەر شەرعییەتی حکوومەتی هەڵبژێرراوی (د.موسەدەق)دا کرد. «لیرەی تێ... موسەدەق بەو گشتە شان و شەوکەتەوە تڕی گۆزەڵەی شای نەشکان!..... ئیسەچەن ئامووزگارە کوتەرە.... لا اله الا الله.... پیاگ لە داخا سکی ئەماسێ!.... ئاخێکی هەڵکێشا....

- تۆ نازانی ڕۆڵە... نازانی.. مناڵی.. هیچت نەدیگە... شا، بەم مناڵ بازیگەلە نالەرێتەوە... ئیمریکا ئیمریکای... لە پشتە.... ئێرانی کردگە جبەخانە!.... تۆ چوزانی چەی هەس... من دەزانم... من... سی ساڵ خزمەتم کردگە.... من دەزانم پادگان گەل چەی هاتیا.... ئاخر مشتێ مناڵە وردکە... دای لە قاقای پێکەنین:

- کوڕە، جابێ و لە داخا مەمرە!.... هێشتا هیچێ نەوگە شوعار خودموختاریم بو ئان!... خودموختاری! وازانن هەروا شۆخییە... ئەرێ وەڵڵا.. نیاگیانە ناو سینی بۆتان!.. خودموختاری!!.» [جەلال مەلەکشا: ۱۹۹۸: ۱٤۳] ئیتر نایب عەباس خان لە خەوی غەفڵەت نوستبوو، وای دەزانی دنیا بە عەقڵی ئەو دەکات و ئەو پایە و پلە و پۆستانەی هەر بۆ دەمێنێتەوە و لەژێر چەتری شادا بۆی لێ دەخوا و دەخوڕێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەم جارەیان هەوڵە شکست خواردووەکەی موسەدەق نییە...، بەڵکو بەمانا تەواوەکەی کوودەتایە، واتە کوودەتای سەرانسەری ئێران بە تاران و کوردستانیشەوە، چیرۆکنووس باسی کات و ساتی ڕژانە سەر شەقامی خەڵک دەکات و وێنای ئەو ڕووداوە سیاسییە مێژووییانە دەکێشێت، کە چۆن چینی هەژار و جووتیار و کرێکار و ڕۆشنبیر، هەموو پێکڕا، یەک دەست و یەک دەنگ لە دژی زوڵم و زۆر و ژێر دەستەیی چینی ئاغا و دەرەبەگ و پیاوە دەسەڵاتدارەکانی، لەڕیزی شا و حکوومەتی شادا ڕادەپەڕن و ناڕەزایەتی دەردەبڕن، بۆنی چەڕە دووکەڵی لاستیکی سووتاوی سەر شەقام و کۆڵانەکان، تووڕەیی خەڵک هەموو وڵاتی تەنیوە، دروشمی جیاجیا دەدەن، داوای مافی ڕەوای خۆیان

دەکـەن. خـودمـوخـتـاری (خـۆبەڕێوەبەری)، ئازادی، ســەربەســتی، ڕزگــاری، هەروەها تەنانەت داوای ڕووخاندنی ڕژێمی کۆنەپەرستی (شا)شیان دەکرد، دەنگی گولە و هاوار و بگرەوبەردەی پۆلیس و کوشتنی خــەڵکی بێ تاوان، تەنانەت لە هەندێک شــوێنیش بەتانک دەچوونە سەر خۆپیشاندەران، بەڵام هەر کار لەکار ترازا بوو. سات لە دوای سات، مەترسی ڕووخانی دەسەڵاتی شاو دەسکێشەکانی بەیارمەتی ئەمریکا و بەریتـانیـاشـەوە، زیاتر و زیاتر دەبوو، دوای ئەوەی لە ئاخرییەکاندا شا بینی ئەمریکا پشتی تێ دەکات و ژەنەراڵ هاوزێر خەریکی ڕێکەوتنە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن ئامادەی سازش بوو، تەنانەت بەئاشکرا گوتیشی: «ئەی خەڵکی ئێران گوێم لە دەنگی شۆڕشەکەتان بوو» [جەلیل گادانی: ٢٠٠٨: ٢٢٤] هەر جارەو وەزیرێکی دەگۆڕی، بەڵام (بەرد لە جێگەی خۆی سەنگینە)، «کوڕە شاهەنشا گەرەکی نییە دەس لە ڕووی مەردما بکاتەوە، جا چۆن ؟. ئەگەر هەروا کەشکە.... شا، بەم گشتە دەم و دەزگاوە، بە قـوولە و فـیکەی منالە وردکـە دەس لە تاج و تەخت هەڵگرێ....، هە.... خودموختاری!... قازی محەمەد بەو گشتە... ناوی قازی، تەزێکی خستە گیانی.- کوڕەکەی نایب عەباس خان بەدەم جل گۆڕینەوە وتی:- باوکە گیان! منالە وردەڵەی چە؟ تواو مەردم هەڵساگن، سەرانسەر ئێران یەکپارچە خوێن و ئاگرە! تەواشای ڕۆژنامە بکە، کار لەکار ترازیاگە! بێرەدەرەو بزانە دنیا ها بەدەس کێیەوە؟!» [جەلال مەلەکشا: ١٩٩٨: ١٤٣] ئەم ڕووداوانە تەواوی کوردستانیشی گرتبووەوە، دیارە بەهیچ شێوەیەک گەلی کورد نەیدەتوانی تاوانەکانی شا ببەخشێت و ئەو دەورە خراپەی لە سەردەمی پاشایەتی خۆیدا لە گـەلی کـوردی کـردبوو، لەبیر هیچ کـوردێک نەدەچووەوە، بەتایـبـەتی خـاڵە بەرچاوەکـانی وەک: تێکدانی کۆمارە ساواکەی کوردستان، شەهیدکردنی قـازی مـحـەمـەد و ئەو هەمـوو پیـاوە خـەباتکار و شۆڕشگێڕانەی ئەو سەردەم، کوشتاری بێ بەزەییانەی شـــۆڕشگێـــڕانی دیموکـــرات، دوورخـــســـتنەوەی نیـشـتمـانپـەروەران، لە هەمـوو تاوانە سامناکەکـانی دەرحەق بەکورد کـردبووی، چرای نەفـرەتی لە دەروونی هەموو کوردێکی خاوەن هەست و دڵسۆزدا هەڵکرد بوو. «کوڕەکەی، لەبەر دەرکەی ژوورەکەدا، ڕاوەستا بوو، بۆ دەرفەتێ دەگەڕا، خۆی دەربازکا، خۆی بۆ ڕانەگیراو وتی:- باوکە، میللەت حەق خوەیان گەرەکە، چاو مەردم کـرياگـەسـەو، ئەشێ بۆچە مـيللەت کـورد بە (٢٠) میلیونەوە، دیل و ئەسیر تورک و عەرەب و... بێ... - فڵتە فلێت، بەزات خوا قەسەم جارێتر لەم قسە بەلاشانە بکەی، هەر بەشەق هارتەکەم...» [جەلال مەلەکشا: ١٩٩٨: ١٤٣] نووسەر، وەک پێ دەچێت خۆی لەناو، واقـیـعی ڕووداوەکـان بووبێت. مـەبەسـتـیـە بێـژێت دەستڕانەکانی ڕژێم وێنایەکی خەیاڵاوییان لە مێشکی خۆ دەکێشا، مانەوەی دەسەڵاتی ڕژێمی شاو کۆشک و تەلار، وایاندەزانی بەشەهیدکردنی پێشەوا و هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی و ڕووخاندنی کۆمارە خنجیلانەکەی کوردستان، ئیـتـر بیـری نەتەوەیی لای نەوەی نوێ دەسڕنەوە و ڕێگا و ڕێبازەکەی (قاز)یش بۆ هەتا هەتایە دادەمرکێتەوە و لەناو دەچێت، بەڵام ئەوان خەیاڵیان خاو بوو، کە قازی محەمەد شەهید بوو، هەزاران قازی محەمەد لەدایک بوون. هەر وەک کاتێ شۆڕش و ڕاپەڕین شاری مەهابادی گرتەوە، تووڕەیی لاوە خوێن گەرم و شۆڕشگێڕەکان ژیانیانی خستبووە هەڕەشەوە و تووشی لەرزوتای کردبوون. «کوڕەکەی، دەرکەی کردەوە و خۆی خستە دەرەوە، عەباس خان دەلەرزی لەسەرما بوویان - کاشکایە ساواکی بوایی، یانێ خەڵک لە بیریان ماگە؟ چەند ساڵە، دوای سی ساڵ، سی ساڵ! ڕەفیقەکانم بە چاو گومانەوە تواشام دەکەن، کوڕ نایب عەباس خان، مەردم هیچێ فەرامۆش ناکەن، ئەگەر شا بڕووخێ تەکلیف من چەس؟ ئەگەر مەردم لە بیریان ماوێ، دەشێ لەم شارە بارکەم بڕۆم، وەڵێ بۆ کوێ بڕۆم، بۆکوێ سەر خوەم هەڵگرم؟!هەستی بە سەرما دەکرد، ددانەکانی یەکیان نەدەگرت، دەلەرزی، پاڵتوە نیزامییەکەی توند توند بە خوەیەوە پێچا»، هەروەها لە ڕووی دەروونیشەوە دیارە کاریگەری خراپی خیانەتکردن و پاشماوەی ئەو کاریگەرییە قێزەونانە لە سەر شیرازەی خێزان و تێکچوونی باری خێزان و بە سووک و کەم سەیرکردنیان لە ناو کۆمەڵگا، جێگای خۆی دەگرێت. «بۆ چە منالەکان نەهاتنەوە. توو بێژی ئەوانیش وەک مەردم لەبارەمەوە قەزاوەت ئەکەن!. ئەی هاوار ئەم غەڵبە غەڵبە چەس، چوارچرای مەهاباد...» [جەلال مەلەکشا: ١٩٩٨: ١٤٥] مەلەکشا ئەیەوێت ئەو ڕاستییە ئاماژە پێ بدات کە هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی شۆڕش و هەستانی خەڵک بەڕووی دەست و پێوەندەکانی ڕژێمی شادا، کوڕەکەی نایب عەباس خان کە کەسێکی نیشتمانپەروەر بوو، بە پێچەوانەی کورت بیرکردنەوەکانی باوکی، نەک

هەر ناکـۆکی و لێکتـرازانی نێـوان کـوڕ و باوکی لێ کـەوتەوە، تەنانەت، کـوڕ بوو بە بەشـێک لە شـۆڕش و خێزانەکەشیان دابەش کرا بوون بۆ دوو بەرەی جیاواز، باوک و منداڵەکان، تاوانی لە ڕادەبەدەری بەکرێگیراوان، کـوڕی لە دەست باوک ڕادەپەڕاند.! خـۆفـرۆشـان دەور و پێگەی جارانیـان نەما بوو، سووکایەتییـان پێ دەکـرا، بووبوونە پەڕۆ کۆنەی دەم مناڵە وردەڵەی سـەر شـەقـام و کۆڵانەکان. لەهەر شوێنێکدا بچووبایەنە زیندەخەون، بە مشـتێک چڵکاو بە خـەبەریان دەهێنانەوە «کـوڕە، ئەوە دەزانی تەک کـیـا قـسـە دەکـەی.- ئەرێ، دەزانم، تەک یابووە گـەڕەکەی چەم قـەساوخـانە قسە ئەکـەم، دەورتان نەماگە بەگیان ئاغەشاتان! جارێ تر لەم گورگەلە بخوەی کـتک دەخـەمـە ناو شـەواڵت، حـاڵی بووی ؟» [جـەلال مـەلەکـشـا: ١٩٩٨: ١٤٥] چیـرۆکنووس نموونەی گرووبانێکی خۆفرۆشی وەک: نایب عەباس خان پیشان دەدات، کە چۆن لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕژێمی شادا، لە بەرانبەر پۆست و پلە و پایە و ئافەرینێکدا ئەوەی بشوێ و نەشوێ، خیانەتی لە نەتەوەی خۆی کرد و هیچی تێدا نەهێشـتـەوە، بەبێ گـوێدانە هیچ بنەمـایەکی ئایینی و مرۆڤایەتی و بیری هەستی نەتەوەیی، هەروەها نووسەر لە کـۆتایی چیـرۆکـەکـەیدا باسی پێـچـەوانە بوونەوەی سەنگی هێزی دەسەڵات دەکات، لەسەروبەندی ڕووخانی ڕژێمی شای ئێراندا، کە کاتێ خەڵکێکی نیشتمانپەروەر و شـۆڕشگێڕ بەبێ جیـاوازی لە دژی تاوانەکـانی ڕژێمی بەکـرێگیـراوانی شـا ڕادەپەڕین، وەک شـارە زەردەواڵە ڕژابوونە سەر شەقام و کۆڵانەکان، لایەنگران و پەیڕەوانی ڕێگا و ڕێبـازەکـەی قـازی مـحـەمـەد)یش هەرگـیـز نەیاندەتوانی لەهەمبـەر جینایەتەکـانی (تاوان)ـەکـانی بەتایبەت بەکرێگیراوان خۆش بن و دروشمی جیا جیایان دەدا «مرگ بر شاه، مرگ بر قاتل قازی محمد، (نایب عـەباس خـان) (قـاتل قـاضی مـحـمـد، أعـدام باید گـردد») [جـەلال مـەلەکـشـا: ١٩٩٨: ١٤٤]، بە دوای تۆڵە سەندنەوە بوون. بەپێچەوانەی تێبینییـەکانی نایب عەباس خان ڕژێمی (شا) ڕووخاو، شاو ئەمریکاییەکان هەڵاتن و (نایب)یش کـەسی بە دەسـتـەوە نەمـا، لەبەر خۆیەوە هۆڕینەی دەکرد و چرکە لە دوای چرکە مەترسی لە سێدارەدانی زیاتر دەبوو. زوو زوو لە هۆش خۆی دەچوو، هەروەها پەنجـە لەسـەر کـۆمـەڵێک خـاڵی لاوازی تری ڕەوشتی خۆفرۆشەکان دادەنێت، بە فێڵباز و دوو ڕوو و تەڵەکـەباز هەژمـاریان دەکـات، کـە هەرکـاتێک بۆیان بڕەخسـێت فـەرمـانی بێگانە ڕەت ناکـەنەوەو لەچنگ خسـتنە خـوێنی سنگی برای خـۆیان دەست ناپارێزن، دەیانکەنە قوربانی بەرژەوەندییـە جیـرە خـۆرییـەکـانیـان، کاتێکیش دەکەونە تەنگانەوە، دەست دەکەن بەپاڕانەوە و گریان و هاوار و ناڵە و بیانوو هێنانەوە، پیاو زکی بۆیان ئەسوتێ «چاوەکانی قازی ئامان ئامان قازی پێیان بێژە، نەمکوژن، ئەوە خۆ هەتیمەکەی خوەیچم هالە تەکیانا، ئەی نمەک بەحەرام خێزانم. کـەنیشکەکـانم، گشـتیـان کەفتگنە دوای قـازی، ئەوە کێ تەنافـەکەی پچڕی، دەرم دەکەن، لەبرسیا دەمرم، ئیمریکاییەکە چەی پێـهات بۆ کوێ چوو، سەرهەنگ هومایونی بۆ کوێ دەچی، ئەی من، من تەنیـام، مەردم وەک هێلانە زەردەواڵە خـرۆشیـاگن، ئای، من بێ گـوناحم، مـەکـەن، مـەکـەن، ئەی نمەک بەحەرام، کوڕەکەی خوەم. بەئیشارەی قازی تەنافـەکە دەخاتە ملم، دەمکوژن، باڕزگـاربم لەچاوەکـانی قـازی، چاوەکـان قـازی، چاوەکـان قـازی !» [جەلال مـەلەکشـا: ١٩٩٨: ١٤٥]، چیـرۆکنووس هەروەها باسی خـیـانەتی بەکـرێگـیـراوەکـان دەکـات، لەئاغـاو دەرەبەگ و، کـە لە بەرانبـەر بەڵێنی رووکـەشی ژێر بە ژێری (مـحـەمـەد ڕەزا شـای ئێـران) پشـتـیـان لەقـازی و کـۆمـارە سـاواکـەی کوردستـان کردو پشکی شێریان بەرکەوت، بە لەباربردنی کۆمار و مێژووی خیانەتکارانەیان بۆ هەتا هەتایە تۆمار کـرد. شـاو ئەمـریکاییـەکـانیش بەهەزار حـاڵ هەڵاتن و خۆیان پێ ڕزگار کرا. جاش و خۆفرۆشەکانیش بەزەلیلی و سەر شۆڕی تەنیا مانەوە و کەوتنە دەست شۆڕشگێڕان و نیشتمانپەروەران.

تاهیر فوئاد دەڵێ:

**خووا خەزەبتان لێ گرێ ئەی کوردەکان**

**جامی مقصد هاتە دەست و ڕشتتان**

**قفڵی دەرگاهی ئومێدتان کردەوە**

**بۆچ بە دەستی کینە داتان خستەوە؟!** [طاهر فـوئاد: ١٩٧٠: ٩]

٥- «خـۆتـان بۆ چەند ڕۆژ ژیان لەم دنیـا لەناو چووەدا مـەفـرۆشن(١). مـێـژوو سـەلماندوویە کـە دوژمن بە بچـووکـترین بیانوویەک، دەست بۆ کوشـتـار و سـەرکوت دەبا.

٦- خیـانەت بەیەکـتر مەکەن، نەخیـانەتی سیاسی و نەخیانەتی ماڵی و گیانی و ناموسی. خیانەتکار لەلای خوداو گـەل خـەجاڵەتە و خـیـانەت لە ئاکـام دا بۆ خـۆی دەگەڕێتەوە.»